مێژوو

د. پاكزه رفيق حلمي
پروفيسۆری زانیاری زمان.

# سۆمەریەکان ئـاری بوون

لی‌كۆلینەوەی رەچەلەكی نەتەوەو ریچكەی مێژوی. یەكێكە لە ...رەگرنگترین ئەركی زانایانی ئاركیولوجی.و فیلولوجی. هەروا دۆزینەوەی ...رەتای پەیدا بونی شارستانی.و نەتەوەكانی بەشدار بون لە دامەزراندنی.و ... شوێنەی یەكەم شارستانی چاوی تیاهەڵ هیناوەو ئەو زمانەی ئەو ...رستانیەی پی تومارکراوە . لەراستیدا هونەرو هەوڵو تێكوشینی بێ وچانی ... زانابلیمەتانەیە كەئەوشارستانیەكۆنە بەرزو یەنرخانەیان بۆ روون كردوینەوەو ...وی نەتەوە كۆنەكانیان لاپەرە بە لاپەرە بۆ هەڵدایەنەوەو زمانەكانیان وشە بە ...ە بۆ لێك‌داوینەوە،و ئێستە هەمو نەتەوەیەكی سەر زەمین بەشانازیەوە ...توانی بڵی وەچەی چ زمانێكەو خاوەندی چ مێژویەكە . بێگومان ئاشكرایە ...سەن دەورێكی گرنگی هەیە لە پتەوكردنی هەستی تایبەتیەتیو خۆیەتی ...اندا، كە لە ئەنجامدا دەبێ بەهۆی توندی هەستی خۆگرتنو خۆ پاراستنو ...ەنگار بونی ئەو كۆسپانەی ریگەی سەربەستیو هەتا خۆ ناسینی لێ‌دەگرن . ... ناسینەوە یەكێكە لە هەرە هۆ گرنگەكانی مانەوە . مێژوو زمان رەنگی ژیان ...سەر زەمین دادەكوتێ . قولایی بە درێژی مێژووەكەیەوە بەندەو هەر زمانیشە ... ئەو مێژووە مۆر دەكا، ئنجا، بۆیە دەبی مێژو و زمان هەرگیز لەبەر چاو بن بۆ ...استنی رەگی ژیانو مانەوەی تایبەتیەتیو خۆیەتی. نەك هەر ئنسان بە تەنها ...لكو نەتەوەكەی بە گشتی.

دۆزینەوەی مێژو و لێك‌دانەوەی زمان بون بە هۆی ناسینەوەی نەتەوە كۆنە ...اوبانگەكان، وەك (گریك) یونانەكان،و مسری فرعەونیەكان، و نەتەوەكانی ...زوپوتامیاو خاتیەكانی ئەنادۆل كە تا دوسەد ساڵ لەمەوپیش، واتە پیش ...وزینەوەی كۆنینەكانی كۆن بەهوێ ئەركی ئاركیولوجیەكانەوەو لێك‌دانەوەی ...مانە كۆنەكان بەهۆی ئەركی زاناكانی زمانەوە، هیچ زانستێكی ئەوتو ...دەستەوە نەبو دەربارەی ئەو نەتەوانە، چە لەلایەن مێژووو چە لەلایەن ...مانەوە پیش ئەو كاتە.

بەلاّم لەو كاتەوە كە دو سەد ساڵ ناخایەنێ بە تەواوی مێژوی هەمو ...ەتەوەكانی كۆنی پیش نوسین بە هۆی هونەری ئاركیو لوجیەكانەوە روون ...رایەوەو نەژادو زمانیان لەو رۆژەوە نوسین داهاتووە بە بەڵگەی زمانەوە ...اناكانی زمان ساغیان كردەوە بە راستی لێك‌دانەوەی زمانە كۆنەكانو ...ەراوردكرتیان دەوزیكی زۆر بە نرخی هەبو لە ساخ كردنەوەی نەژادی نەتەوە ...ۆنەكاندا.

بەیەك گرتنی ئەنجامی لی‌كۆلینەوەی هەر دو دەست زانایان مێژوی نەتەوە كۆنەكان پیش مێژو و نەژادیان هەتا دەتوانم بڵێم دەوری بەرد ئاشكرا دەبێ.

سۆمەریەكان یەكێكن لەو نەتەوە كۆنانە، كە هەرچەندە مێژوی دوای داهاتنی نوسینە. كە ئەوان بە داهێنەری دانراون، ئاشكرایە تا رادەیەك بەلاّم. نەژاد و رەچەلەكو ریچكەی جولاّنەوەو مەڵبەندی كۆنیان پێش ئەو شارستانیە بە ناوبانگەی لە خواروی مێزوپوتامیادا دایان مەزراندو داهێنانی نوسین. زوز رون نەبو تا ئەم چل پەنجا ساڵەی دوایی و جێی گەلی سەرلی‌شێوانو هەڵەی زانایانی مێژوو بوو.

زوربەی زانایان تا ئەم چل پەنجا ساڵەی دوایی لەو باوەرەدا بون كە سومەریەكان لە شوێنێكی دورەوە، واتە هندستان یا ناوەراستی ئاسیا بە دەریادا هاتوونو لە ولاّتی مێزوپوتامیای خواروودا سرەوتونو ئەو شارستانیەیان دامەزراندووە كە زانایانی مێژو ناویان نا (سومەر)ی. یا شارستانی سومەر ئەمەش پێ‌ویستی بە بەڵگەیەكی زوز پتەوە كە بەدەستەوە نیەو ناش‌یێت . چونكە ئەم جۆرە بیروباوەرە ناچێتە ئەقڵەوەو پەسند ناكرێ. لەبەر گەلی هۆی گرنگ، كەوا لەم وتارەدا رونیان دەكەمەوە.

سۆمەریەكان، بەبریاری هەمو زانایانی مێژو نەتەوەیەكی بلیمەتو چالاكو بێ‌هاوتا بون. پێش‌رەوی هەمو نەتەوەكانی سەر زەمینی زەمانی خۆیان بون، كە لەدوای‌دەوری بەردەوە یەكەم لاپەرەی مێژویان هەڵ‌دایەوە بە نوسینی مێخیو زمانی نەتەوایەتیانەوەو شارستانیان لەدنیادا دامەزراند. ئەو شارستانیە كە تاریكی دەوری بەردی رۆشن كردەوەو بەهەر چوار لادا شەوق دایەوە.و تائیستەش ئنسانی ئەمرۆ بەرووبومی ئەو شارستانیە دەخواو ئنجا چۆن دەچێتە ئەقڵەوە كە نەژادو رەچەلەكو ریچكەی بزوتنەوەو زمانی نەتەوەیەكی وا دیار لە مێژودا لە زانایان بزر بێت و بۆیان نە دۆزریتەوە!؟ بەلای منەوە ئەگەر شتێكی وا روی دابێ، یا لەرویكەم ئەرخەمی زانایانە، یا لەبەر هۆیەكی تری تایبەتیە، كە راستیەكەیان كردووە بە ژێر لیژەوەو نەیان ویستووە ئاشكرای كەن. بەراستی من لەسەر ئەم باوەرەی دوایم.

بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین كە ئەو كاتەی مێژوو رۆژهەلاّت ناسان كەوتونەتە پشكنینی شوێنەوارە كۆنەكانی ولاّتی مێزوپۆتامیا لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا ، مەبەستیان ئەوە نەبووە بە دوای نەژادو مێژوی ولاّتەكانی رۆژهەلاّتدا بگەرێن، هەندی هۆی سیاسیو ئاینی هانی داونو هەندێك دۆزینەوەی

ئەتیکە بەنرخەکانو گەنجە بەنرخەکانو گەنجینە شاراوەکانی ژێر زەمین. لەبەر ئەوە باکیان نەبووە سۆمەری لەکوێوە هاتونو وەچەی چە نەژادیکن. وئەگەر بۆیان بکرایە بیان کەن بەسامی ئەوا باشتر چونکە. ئەوسا دەیان توانی ساغی کەنەوە کە عیراقیەکان بگێڕنەوە سەر سۆمەریەکانو بەمە ئەم بیرووباوەڕەی خۆیان ساغ دەکەنەوە کە دەڵێ عیراقیەکان هەڵبژاردەی خوان (شعب الله المختار)و خاوەند کۆنترین زمانیا لە دنیادا بە پێی تەورات کە کتێبێکی ئاینی جولەکەو (گاور – مەسیحی)یە.و خودا بە پێی ئەو دو ئاینە لەگەڵ حەزرەتی ئیراهیم بە زمانی عبرانی دواوە. ئیبراهیمیش باپیری عبرانیەکانەو لەنەوەی (سام)ی کوڕی نوحە. نوحیش خەلقی (بابل) بووە. ئیراهیمیش خەلقی (ئور)ە. واتە خەڵقی وڵاتی (سومەر) بون (ئور)یش یەکێکە لە شارە هەرەکۆنەکانی وڵاتی سومەر. ئنجا بەمەدا دەردەکەوی کە ڕۆژهەڵات ناسەکان کە زوریەیان لە گۆشەی ئاینەوە سەیری وڵاتی سۆمەرو بابلیان کردووەو بە وڵاتێکی پیرۆزیان داناوەو هەر تەورات خۆی لەسەرەتادا لە بابل نوسراوە بەشێکی کە پێی دەڵێن تەوراتی بابلی.و بەشەکەی تری تەوراتی ئورشەلیمی کە شاری (قودوس)ە ئورشەلیم. بەمەدا روندەبێتەوە کە ڕۆژ هەڵاتناسەکان بە دوای رەچەڵەكو وەچەی سامیەکاندا بە پەروش بون. زیاتر لەوەی لە نەژادی سومەری و زمانی ئاری. بۆیەك هەوڵیان داوە هەمو نەتەوەو زمانەکانی وڵاتی سۆمەرو بابل بە سامی دانێن بەڵکو هەندیکیان هەر نەیان ویستووە دان بەوە دابنێن کە نەتەوەیەك هەبووە لەو وڵاتانەدا سامی نەبووەو (سومەری) هەر نەبونو زمانەکرش هەر شیوەیەکی ئەکەدی بووە ساز کراوە بۆ کاروباوی ئاینی.

بێگومان تا بەڵگەی تەواوی زمان. باش پەیدابوونی زانیاری زمان پەیدا نەبووە ئەم بیروباوەڕە ئەفسانەییە هەر گوێ لێ گری هەبووە. بەلام لە ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەی دوایی زانیاری ئارکیولوجیو زانیاری (فیلولوجي – لیك دانەوەی) زمان شورشێکی گرنگیان گێڕا. هەرچی بیروباوەڕی ئەفسانەییو نابەجێو ناتەواو هەیە. دەربارەی زمانە کۆنەکانی پیش مێژوو نەژادی نەتەوەکان. بە هۆی تێکۆشینێکی بێ وچانی زاناکانی ئارکیولوجی و فیلولوجي. رونکرایەوەو ساغ کرایەوەو راستیەکانی ئاشکرا بوو زمانەکان لەبەر روانگەی ئەو کردەوە بەنرخو چالاکانەدا دابەش کران بەگوێرەی دوورونزیکیان و رەچەلەکی نەتەوەکانیان تومار کرا ئیتر لەو رۆژەوە. هەر زمانو نەتەوەیە خرایە شوین خۆی کەس لەمەو دوا ناتوانی. ئەو راستیانە بگۆڕیو دەستکاری بکا. تەنها بۆ مەیلو ئارەزوی خۆی. وزمانو نەژادێك بگوێزێتەوە لە شوێنو مەڵبەندی خۆیو بەرگو پێستی نەژادیکی تری بەزوز بەسەردابسەپێنی وەك تا ئێستە مێژوناسان دەیانکرد.و شۆێنەواری گەلی نەژادو زمانیان بە ژێر گڵەوە کرد.

بەکەم هەنگاوی تێکۆشینی زانایانی (ئارکیولوجي)و (فیلولوجي) بۆ راست کردنەوەی هەڵەکانی مێژوو رۆژهەلات ناسەکان. بەرامبەر نەژادو زمانی سۆمەری ئەوە بو. کە کەوتنە پشکنینو هەڵکۆڵینی هەمو وڵاتی سومەر و بابل.

کە مەڵبەندی شارستانی سۆمەریبو، هەتا کۆمەڵێکی زوز خشتی نوسراو بە زمانی سومەری خۆیو بەختەی میخی ووینەی دۆزیەوە. هەروەها گەلیك کەلاوەی خانوو ماڵو پەرستگاو گۆرستان وکارگە، لە شارە ویرانەکانیاندا، وەك (ئور)و (ئوروك)و (ئەریدو) و(لەگەش)و گەلی شاریتر. کە پڕبون لە پاشماوەی کۆنینە وەك هەیکەلی خوداکانو شاکانو نامەو نوسراوی قەلاو پەرستگاو موری لولەیی گڵو بەردو هەندی جاریش مەعدەن،و چەرخو چەقوو خەنجەرو دەستارو ئالاتی موسیقاو جلو بەرگو خشلی ژنانو حاجەتی ناوماڵو ئامرازی کشت وکاڵو جوتو دروێنەو راوو گەلیشتیتر.

داوی ئەوە، بۆ دۆزینەوەی مەڵبەندی سەرەتای ئەم سومەریانەو رەچەلەکیان، رویانکردە ئەو شۆێنانەی بەمەڵبەندی ئنسانی پێش مێژو ناسروان کە گومانیان نییە شاخەکانی زاگروس بووە. بە پێی لێكدانەوەی ئارکیولوجی. زۆر ئاشکرایشە کە شاخەکانی زاگروسیش بڕبڕەی پشتی کوردستانی گەورەن. ژوروی کەلە تورکیای ئیستەدایە. خواروی کە لە عراق ئیستەدایە. رۆژهەلات کە لە ئیراندا و رۆژئاوا کە دەکەوێتە سوریە.

لەپێشدا. رویان کردە کوردستانی خوارو کە ژوروی مێزوپوتامیایە ودەکەوێتە لای سەروی وڵاتی سومەرەوە. لە کەژو کیوەکانی زاگروسەوە گرتیان هەتا دەشتو دامێنی بنارەکانو گوێ روبارەکانی. وپلە بە دواپلەدا رێچکەی ژیانی ئنسانی کێوی لە دەوری بەردی کۆنەو هەتا دەوری شارستانی دوپەیدا بونی شارستانی سۆمەر. کێو بە کێو ئەشکەوت کۆڵیانەوەو دەشت بە دەشت هەڵیان دایەوە هەرچی نهێنیەکانی ژێر ئەرزی هەیە هینایانە دەری ولێکیان دایەوە دوای ئەوە رویان کردە دیوی ئەو دیوی زاگرۆس کە کوردستانی رۆژ هەڵاتەو دەکەوێتە ژوزئاوای باني ئیرانەوە. هەرچی کێوو دەشت ودولو بناری شاخەکانی کرماشانو موکریانو ئەردەلان هەیە کۆلرانەوە پشکنرانو هەڵتەکان هەتا لورستان چون بە دوای کۆنینەو نوسراوی زمانەکانی ئەو ناوچەی لە زەمانی سومەریەکاندا وەك زمانی عیلامیو دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵیکی باش لەو کۆنینەو نوسراوە مێخیانەو رویان کردە کوردستانی ژورو لە ئەنەدوڵدا. کە نەتەوەیەکی ئاری سەربەسومەری ئمپراتوریەتێکی بە ناو بانگی لە هەزارەی دوهەمدا بە ناوی (خاتي) بەوە تیا دامەزراندوبو. ئەو ناوەشیان کۆڵیەوەو پشکنیو نوسراوە میخیەکانیان کۆکردەوەو لێکیان دایەوەو زمانەکەی کە ناونرا زمانی خاتی لەگەڵ زمانی سۆمەری بەراورد کرد. هەروەها لە کوردستانی رۆژ ئاوا کەدەکەوێتە (سوریا) ئێستە شوینەواری میتانيو خوریەکانیان کۆڵیەوە ودیسان بەراوردیان کردو بەمەدا هەمو ناوچەی شارستانیە کۆنەکانیان پشکنیو لە ئەنجامدا زمانەکانیان لیك دایەوە و بڕیاریاندا کە هەمو سەربە ئارینو هەر لە زەمانی کێۆنشینەوە ئەو نەتەوانە لە دەوری بەردەوە پەیدا بونو لە دواییدا ئەو شارستانیە بەناوبانگانەیان دامەزراندووە کە بەم ناوانەوە ناسراون (عیلامی) لە ئێران لە هەزارەی چوارەمەوە دەستی

ی کردووە (سومەری) لە خواروی میزوپوتامیا کە هاوچەرخی عیلامی بووە. ...اتیەکان لە ئەنادول. میتانیەکان لە ژوروی مێزوپوتامیاو وخوریەکان لە ...وریادا. هەمو لەو نەتەوە زاگروسیانە کەوتونەوە کە کێو نشین بون لە ...ەزارەی دەیەمەوەو دەستیان کردووە بە دێ‌نشینی لە هەزارەی شەشەمەوەو ...ەیشتونەتە پلەی شارستانی‌و مێژو لە هەزارەی چوارەمەوە.

بەمەدا دیارە کە کەژو کێوەکانی زاگروس نەك هەر مەڵبەندی کۆنترین ...یچکەی ئنسانی دەوری بەردە. بەڵکو مەڵبەندی کونترین شارستانی دنیایە ...ە. یەکەم هەنگاوی مێژوی لە خواروی مێزوپوتامیادا لە ولاتی (سومەر)دا ...هەڵ‌هیناوە. ئەم راستیانە بەرامبەر زمانو نەژادی نەتەوە کۆنەکانی رۆژ هەلات ...بەتایبەتی نەتەوە زاگرۆسیەکان. هەتا ساڵەکانی دوای شەری دوهەمی عالەم ...نەزانرابو لی‌کۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی‌و ئەنترۆپۆلۆجی ولێك‌دانەوەو بەراوردکردنی ...زمانو مێژوی کۆنی ولاتی مێزوپوتامیا تەنها لە بەشی خواروودا کرابو کە ولاتی (سۆمەرو ئەکەد) یان پێ دەوت‌و بەو چاوەی لە پێشدا باسم کرد. بەڵام پاش ئەو شەرە زانیاری ئارکیولۆجی‌و ئەنترۆپۆلۆجی‌و دوایش فیلۆلۆجی شۆرشێکی گەورە وگرنگیان گیرا لە لێکۆلینەوەی کۆنینەکانی بەشی ژوروی مێزوپوتامیا ...وپاشماوەکانی ئەو نەتەوانەی لە دەوری بەردەوە تیا ژیاون هەتا ئیستە. واتە لەو ...شوێنانەی کە بەشێکە لە کوردستان. چونکە هەر لەپێشدا زانایانی ...ئەنترۆپۆلۆجی‌و ئارکیولوجی، ساغیان کردبۆوە کە ریزە شاخەکانی زاگروس کە ...بڕبڕەی پشتی کوردستانە یەکێکە لە کۆنترین مەڵبەندی ئنسانی کۆن، بەڵکو، ...مەڵبەندی هەرە کۆنترین نەوعی بەشەرە کە ناو نراوە ئنسانی نیاندرتاڵ، کە ...پلەیەك لە ئنسانی مەیمون پیش‌کەوتوو ترە

لەساڵی ١٩٢٨دا، پیش شەری عالەمی دوهەم، پروفیسۆر، دورثی گارود Dorothy Jarrod کە ئافرەتێکی ئارکیولۆجی‌زان‌بو، لە زانستگای شیکاگو، گەشتێکی کرد لە کوردستانداو ئەشکەوتە تاریکەکەی هەزار مێردی کە نزیك سلیمانیە، دۆزیەوە، بەلام لەوکاتەدا کەس لە زانایان، سەرنجیان نەدایە، لە پاشدا دەرکەوت کە ئەو ئەشکەوتە کۆنترین مەڵبەندی ئنسانی دەوری بەردی هەرەکۆنە کە لە ١٢٠هەزار ساڵ زیاتر پیش ئێستە ئنسانی کێوی تیا ژیاوە. کە بەهەیکەلەکانی تیا دۆزرابیەوە لە چەشنی ئنسانی نیاندرتالە کە یەکەم چەشنی نەوعی بەشەرە.

دوای ئەوە دکتور ناجي الاصیل کە مودیری ئەنتیکەخانەی بەغدا بو لە ساڵی ١٩٤٩ دا، لە دەشتی چەمچەماڵ لە بەینی سلێمانی‌و کەرکوك لە شوێنێك کە ناوی (بەردە بالکە Barda balka)یە، هەندی خڕکە بەردی سازکراوو داتاشراوی لە دەوری تاشە بەردیکی زلدا دۆزیەوە هەر لەسەر روی زەوی‌یەکە، کە دیسان بە پێی لی‌کۆڵینەوەی ئارکیولۆجی‌و ئەنترۆپۆلۆجی، دەرکەوت هی ئنسانی کێوی دەوری بەردی هەرە کۆنی نیاندرتالە. وەك ئنسانی هەزار مێرد، کە دوایی دو زانای ئەنترۆپولۆجی ئەمەیان تۆمارکرد بە دۆزینەوەی ئەو کارگەیەی بەردەکانی لی‌سازکراوەو گەلێك شتی‌تری بەردی کە دروست ...رون وەك ... دەستی. یا بەردی دەم تیژکراو وەك دەمە چەقۆوو خەنجەرو ئەوەو ...

شتی‌تری لەو بابەتە کە دیارە بۆ راو سازکراون. بەمەدا دەرکەوت کە کوردستان کۆنترین مەڵبەندی هەرە کۆنترین ئنسانە لەسەر زەمین ووێنەی ئەم چەشنە ئنسانە لە خواروی میزوپوتامیا کە ولاتی سومەرو ئەگەرەیە. نەدۆزراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥١دا، پروفیسۆر سۆلیکی- R. s. solecki لە گەڵ برادەرێکی ئەشکەوتی شانیدە- شانەدەریان دۆزیەوە لە گوێ زێی گەورە نزیك بەرزان. پێش ئەوانیش پروفیسۆر ئنگهولت- Ingholtی دانمارکی ئەشکەوتی (شمشار)ەی نزیك دوکانی دۆزیبۆوە پروفیسۆر سولیکی. ئەشکەوتی شانەدەری هەڵکۆڵی. هەتا قوڵایی چل‌و پێنج پێ. گەلی کۆنینەی دوزیەوە کە دیار بون هی یەك دەورە شارستانی نەبون بەڵکو هی چەند پلەیەکی دوا بەدوای یەك کە چینە بە چین دیاربو هی ژیانێکی یەك لەیەك پیش‌کەوتوترن. چین هەرە قوڵەکەی بنەوەی هي کۆنترین پلەبوو چینی سەری سەرەوەی هی پلەی لە هەموان پێش‌کەوتوترو تازەترکە دابەشی کردن بەسەر چوار چیندا.

چینی بنەوەی کە لە هەموان کۆنتر بو، ناوی نا چینی (د – D) ئەوی لە دوای کە لەسەر ئەوە وە بو ناو نا چینی (ب.B)و چینی سەرەوەی هەموانی ناو نا (أ – A).

لە چنی (د – d)کە کۆنتریی هەموانە پاشماوەی ئاگرو وخوڵەمێش، ئیسقانی حەیوان، گەلی بەردی دەم تیژکراوو سازکراو لەگەڵ چوار هەیکەلی ئنسان، سیانیان کامل، و یکێکیان هی منالێکی ساوای شەش مانگ، هەیکەلی ئنسانەکان بە گوێرەی لیك‌دانەوەی پروفیسۆز ستیوارت stewartی زانای ئەنترۆپۆلوجی کە لەگەڵ سۆلیکی لە زانستگای مەشیگانەوە هاتبو، ئەنێ هی ئنسانی نیاندرتاڵ‌بن‌و لە ٦٠هەزار تا ٤٥هەزارساڵ پێش ئیستە ژیابن

پلەی دوهەمی ژیانی ئنسان لە کێوی شانیدەر لە چینی (ج – C) دا، دەرکەوت، پروفیسۆر سولیکی شارستانی ئینسانی ئەم پلەیەی ناو نا شارستانی برادوست، چونکە ئەشکەوتەکە لە ناو شاخەکانی (برادوست)دایە لە کوردستان، وێنەی ئەم شارستانیە لە هیچ کوێ‌یەکی‌تر نەدوزراوەتەوە لەبەرئەوە بە پلەیەکی ئاك‌و تایبەتی دائەنری، کۆنینە بەردینەکانی ئەم چینە لە هینەکانی چینی (د – d) پیش‌کەوتوترن، خرکە بەردەکان وردترو سوك‌ترو گەلی زیاتر سازو تیژکراون، وینەی کۆنینەی ئەم چینە لە (زرزی) نزیك سلێمانی، و (پالەگەورە) نزیك چەمچەماڵ دۆزراونەتەوە، دوای سولیکی، پروفیسۆر برید ود Braid woodلە ساڵی ١٩٥٤دا، وینەی چینی (ج – c)ی شانیدەری لە (کەیوانیان)و (بەراك) نزیك رەواندز، دۆزیەوە، وبە لیك‌دانەوەی زاناکانی ئەنترۆپۆلۆجی، ساخ‌کرایەوە کە ئەم پلەی شارستانیە لە ٣٤هەزارساڵ زیاتر لە پیش ئیستە لە کوردستاندا پەیدا بووە، و ئنسانی ئەو دەورەش لە نەوعی ئنسانی ئۆرێغانی Aurigaruicبووە، تا ئەم دەمەش کشت‌وکاڵ بەشتا پەیدا نەبووەو خواردەمەنی ئنسان لە کۆکردنەوەی دەغل‌و دانی خوانی‌و گۆشتی نێچیر پەیدا بووە. حەیوان دابەستە نەکراوە. و مس‌و ئاسن نەدۆزراونەوە.

دوای ئەمە، کۆنینەکانی کوردستان، دەچێتە دەوری بەردی نوێ، بەڵام بەتەواوی نازانرێ کەی دەوری بەردی ناوەراست تەواو بووەو نوێ دەستی پی‌کردووە، چونکە ... پرپەیدا نەبووە،و ماوەیەکی زۆری خایاندووە،و هەنگاو بە هەنگاو، بەسەر چووە، ... ئنسان لەکێو نشینەوە گەیشتۆتە دێ‌نشین‌و سرەوتن‌و کشت‌وکاڵ کردن کە لە دەوری بەردی نوێدا دەستی پی‌ کردووە لە کوردوستاندا. کە لە کۆنینەکانی چینی (ب – B)ی شانیدەردا دۆزراوەتەوە. ...نك دەهەزار (١٠) ساڵ پێش ئیستەی بۆ دانراوە بە مێژو. لە ...

پلەیەدا ئنسان توانیویەتی بەرەو ژیانێکی پێش کەوتوتر بڕوا. لە هەمو لایەکەوە. کە یەکەم هەنگاوی ئۆو گرد کردنەوەو زەوی کێلا و تۆو چاندن بووە. کە پێ‌ویستی بە سرەوتی بووە ودانیشتن بۆ چاوەڕێ کردنی بەری زەویەکە. کە ناچاری کردووە خانو دروست بکا پاش ئەوەی لە کێوەکان دورکەوتونەوەو پێ‌ویستی بە دالْدە بووە. لە درندەو سەرماوگەرما.

هەروەها پێ‌ویستی بە ئالاتو ئەدەوات بووە بۆ بەرێوە بردنی کاروباری تۆوکردنو زەوی کێلانو مال دروست کردن دیسان کشت‌وکال ناچاری کردووە هەولّی دابەستنی حەیوان بدا، کە ئەمەش پلەیەك بەرەوپیش کەوتن لە دەوری بەردی ناوەڕاستەوە بۆ نوێ. لەم پلەیەدا نە مەعدەن metalنە کلْ کردن potceryزانراوە. بەردودار وئێسقانی حەیوانیان بەکار هێناوە بۆ دروست کردنی، تەورو داسو تیرو کەوان.و دەستارو پاچو بێلو گاسنو چەرخ، وهەرچیەکی ژیانی لادی پێویستی بێ. خانویان لە قوڕ دروست کردووە، قیریان بەکارهیناوە بۆ پیوەلکانو سواغی ناومال. مەرو بزنو سەگو بەرازیان دابەستووە وئێسقانەکانیان بەکارهێناوە بۆ رازاندوە وەك ملوانکەو بازن.و مردویان لەژێر خانوەکانیان ناشتوەو خودای (پیتو بەرەکەت) (خصوبة)یان پەرستووەو لە وێنەی ژنی سلكپردا هەیکەلی قوڕو بەردیان بۆ کردووە. مێژوی ئەم پلەیە حەوت هەزار سال‌پێش ئێستەی بۆ داناوە پروفیسۆر بریدود Braid woodەکە نزیك سێ‌هەزار سال پێش گەیشتنی ئەوروپا بەو پلەیە دەگرێتەوە.

بەمەدا دەردەکەوی کە کوردستان پێش هەمو ناوچەیەکی دنیا گەیشتوتە پلەی ژیانی کۆمەلایەتیو کشت‌وکال بەسێ هەزار سال!!. چونکە یەکەم شوێن بووە لە دنیادا کە گەنمو جۆی خوایی تیا رواوە، ووەك وتمان کۆنینەی ئەم دەورو پلە یە یەکەم جار لە چینی (ب – B)ی شانیدەر دۆزراوەتەوە. دوای ئەوە لە (کەریم‌شار) نزیك چەمچەمال. کە بریتیە لە یەك چین کۆنینە، بەپێی لێك دانەوەی ئەو کۆنینەیە کە هەموی پەیوەندی بەکشت‌وکالەوە هەیە دیارە ئەم شوێنە وەك هاوینە هەوار وابووە ئێلاتی ئەو ناوە تیا حەساونەتەوەو کشت‌وکالیان تیا کردووە. مليفات – Mlefaatکە لە سەر رێی کەرکوك‌و هەولیرە، لەوە زیاتر پێش‌کەوتو بووەو ئاوەدان بووە، خانوو مالی لێ دۆزراوەتەوە کە دیارە ژیانی کۆمەلایەتی تیا پێك هاتووە.

پروفیسور بریدودBraid woodکە لە پێشدا لە زانستگای (شیکاگۆ)وە لەگەل تیمێکی ئارکیولۆجی لە سالی ١٩٤٨دا (چەرمو)ی دۆزیوە نزیك چەمچەمال. دیسان لە سالی ١٩٥٠ – ١٩٥١داو دوبارە لە سالی ١٩٥٥دا گەرایەوە (چەرمو) کە لەسەر گردێکی بەرز بوو دەستی کرد بە هەلکۆلینو. بۆی دەرکەوت کە (چەرمو) گردێکی دەست کردە لە سەر گردێکی خوایی دروست کراوە (قەلا). وێنەی قەلای هەولێرو کەرکوك. لە ئەنجامی هەل‌کۆلین، پانزە چین کۆنینەی دۆزیەوە کە هەر چینە هی دەوری ژیانی کۆمەلێکی سەربەخۆو جیاوازە. یەك بە دوای یەکدا شوێنەکەیان ئاوەدان کردووەو وێران بووە، چینێکی تر ئاوەدانی کردۆتەوەو دیسان وێران بۆتەوە تا پانزەچیە لە سەر یەك ئاوەدانی تیادۆزیەوە دە چینی بنەوەی هیچ کۆنە گلێنەی pottery تیا نەدۆزیەوە وەك کۆنینەکانی شانیدەرر ئاچینی (ب – B).

خەلق چەرمو نمونەی پلەیەکی بەرزی دێ‌نشین‌بون لە چاو خەلق شوێنەکانی پێشو. لە خانوی چوارگۆشەی دو ژور لە ناو یەکدا دەژیان وکورەو ئاگردانی قوڕیان لە ناوەراستی ژورەکەدا هەل دەبەست یا هەل دەکەند وەك دێهاتی کوردستان ئێستە. شیویان بە کەوچکی ئێسقان دەخوارد. زوربەی حاجەتی ناو مالیان لە بەرد و مەرمەر دروست دەکرد. بەلام لە پینج چینەکەی سەرەوە. کۆنینەکانی چەرمو گەلی گلێنە – potteryی تیا دۆزرایەوە. کە هەندێکی هەر لەقوڕی کال دروست کراوە وەك کەندوی گەنم کە ئێستەش لە کوردستاندا هەر هەیە.و هەندێکی تریش سوردەکرێتەوە یا دەبرژێ لە کورەدا (کلْ) دەکری وەك کاسەو کوپە.و قەرەوانە.و دیزە و گۆزە و گەلی حاجەتی تری ناو مال، بەکارهینانی قوڕو داهاتنی گلێنە. دەورێکی تازەی داهێنا لە کوردستاندا، کە ئنسان کەوتە لێك‌دانەوەو هونەر بەکار هینان.و داهینانی شتی تازە لە نەبو، وەك رەنگ رشتن کە گلێنەکانی پێ دەرازاندەوە یا رستنی خوریو تەون کردن وجلو بەرگ دروست کردن کە بەدەرزی ئێسقان دەی درو.و لە پێشدا بە پێستی حەیوان خۆی دەپۆشی. کەئەمانە هەمو نیشانەی لێك دانەوەی مێشكو عەقلو بزوتنی هەستی ناسینی هێزو توانای خۆیو بەکار هینانی بۆ خۆش‌کردن وپێش خستنی ژیانی.

بەلی‌کۆلینەوەی زاناکانی ئەرکیۆلۆجیو ئەنترۆپۆلۆجی، ساغبووەکە دامێنی شاخەکانی زاگروس کەبە ولاتی کەوانەبەپیت – الهلال الخصيب. ناسراوە.و گوێ روبارەکانی کە لە زاگروسەوە هەل‌دەقولین وەك –ئیدجلات – دجلة.و پوراتو – فورات.و زێی گەورەو زێی بچوك. کە دەرژێنە دجلە.و خابور کە دەرژێتە فورات، دولْو دەشتی ئەم روبارانە کە یونانیەکان ناویان نا مێزوپوتامیا، بە لێ‌کۆلینەوەی ئەو زانایانە هەمو لەو ناوچە ناوبراوەدا کە کوردستان دەگرێتەوە دەهەزار سال پێش‌زاین. ئنسانی دەوری بەرد لە لوتکەو ئەشکەوتەکانی زاگروسەوە کە باسمان کرد، بەرەو دەشت ودول، خوار بۆتەوەو لە گوێ روبارەکاندا سرەوتی گرتووە وکەوتوتە زەوی کێلانو تۆو چاندنو خانو مال دروست کردن. لەو شوێنانەی باسمان کرد وەك کەریم شار وزرزیو چەرمو و دێهاتیان دامەزراندووەو ژیانی ئنسانیان لە پلەی کێوی بەوە کە بە راوو‌شکار و گژو گیا چنینەوە ژیاوە، گەیاندۆتە پلەی کشت‌وکالو شارستانیو دێهاتو شار دروست کردن بەلکو. ئنسان لەم پلەیەدا گەیشتۆتە پلەی بزوانی هەستی دەرون و لێك دانەوەو مێشكو ئەقل بەکارهینان. و چاکەو خراپە ناسین.و پەیدا بونی (ئاین) کە بە پلەیەکی بەرزی شارستانیو پیش‌کەوتن دادەنرێ. ئەم ئەوژمە. چەند هەزار سالێکی خایاندووە تا ئنسان لە تاریکی دەوری بەردەوە پێی ناوەتە روناکی شارستانی ئاشکرا وبەنوسین یەکەم لاپەرەی مێژوی هەل داوەتەوە. و دەستوری بە رێوەبردنی دنیای داهیناوە و دەولەتی دامەزراندووەو یاسای بۆ داناوە و بیروباوەڕی بەرامبەر مردنو ژیان، چاکەو خراپە، هەقو ناهەق دەربڕیوەو چاری کردووەو یاسای خوایی بۆ داهیناوە. هەر لەم پلەیەشدابووە کە ئالْو گۆڕی بیرو باوەڕو هەستی دەرون و پێویستی ژیان بوون بە هۆی داهاتنی (زمان) چونکە زمان ئاوینەی مێشكو دەرونی ئنسانە کە بزوان دەیان هێنێتە زمان. زمانیشەکە بیروباوەڕی ئنسانی ئەم دەمەی بە ئیمە گەیاندووە.

کەوابو ئەگەر بمانەوێ لە راست بگەرێین. ئەبێ بلێین حەزرەتی ئادەم لە کێوەکانی زاگرۆسەوە روی کردۆتە ئاسمان و بە زاگرۆسی لەگەل خوای خۆی دواوە، نەك بە عیبرانی وەك جولەکەکان دەلین. چونکە لە کێوەکانی زاگرۆسدا لە دایك بووە.و لە سەر لوتکەکانی زاگروس ئەرزو ئاسمانی ناسیوەتەوە.و خودای پەرستووە.

ئەم کارەسانەش. واتە لە دێ‌نشینەوەو سەرەتای شارستانیەوە کەدە هەزار سالێك بەر لە کوردستاندا دەستی پی‌کردووە. هەتا لەوێوە شارستانی گەیشتووە بە خواروی مێزوپوتامیا – کە مێژوناسان ناویان ناوە ولاتی سومەرو ئەکەد. چەند هەزار سالێکی تری خایاندووە.

کە وابو. مێژو. کە چاوی لە ولاتی سومەر و ئەکەدا بە نوسینەوە هەل هیناوە ئەبێ نزیك هەزارەی چوارەم دەستی پی‌کردبێ. بەلام ئەو نەتەوەیەی کە زانایانی مێژو زاویان

ەسومەر یا شومیرو – shumerwوولاتەکەیان ناو ناوە ولاتی شومیرو. نەبەخۆیان وتووە
میرو، نەولاتەکەیان ناوی ولاتی شومیرو بووە! . وەك وا دەزانری. بەلام پێش ئەوەی
م ڕێیپەرون کەینەوە، ئەبێ بزانین، شارستانی چۆن لە ژوروی میزۆپۆتامیا –
ردستانەوە. داکشاوەتە خوارێ و لە خواروی میزوپوتامیادا نوسین داهاتووە ومێژو
ستی پێ کردووە.

ئیمە تا ئیستە باسی ژیانی ئنسانمان کرد کە لە دەوری بەردی هەرە کۆنەوە
تا دەوری پەیدا بونی کشتوکال و ژیانی شارستانی و شار دروست کردن.
ەکە یەکە شوێنە کۆنەکانی شارستانیان تیا پەیدا بووە لە کوردستاندا باس کرد
بەلگە کۆنینەکانەوە هەتا دەوری چەرمو کە لە بەینی ٩ تا ٦ هەزار سالێ
وزی بۆ دانراوە لەلایەن زاناکانی ئەنترۆپۆلۆجیەوە ئەمەش سەرەتای پەیدا
ی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانیە کە بەکشت وکال و دێ نشینی دەستی
ی کردووە.

بەلام خواروی میزوپوتامیا تا ئەم کاتە هیچ کۆنینەیەکی تیا نە دۆزراوەتەوە،
هی ئەو دەورانە بێ، و باوەڕیش ناکەم، لەمەو دواش بدۆزریتەوە ،چونکە
و ناوچەیە دەس نادا بو ژیانی سەرەتای پەیدا بونی ئنسان، ئەوی ساغ بۆتەوە
ئیستە کە ئنسان لە ناوچە کیۆیەکاندا یەکەم پلەی ژیانی رابواردووە، وەك
سیان کردو شاخەکانی زاگروس و کوردستان یەکەم مەلبەندە کە ئنسان چاوی
اپشکوتووە.

سەر گوزەشتەی پەیدا بونی مێژو کە بە نوسین تومار کراوە یەشتا تەواو رون
بۆتەوە، ئەوی تا ئیستە وتراوە لەم لایەنەوە ئەوەیە کە نوسین بەخەتی مێخی
اهاتووەو سومەریەکان یەکەم نەتەوەن کە دایان هیناوە، و ئەم سومەریانەش
ەس نازانێ لە کویوە هاتون بە تەواوی، و زوربەی مێژوناسان لەو باوەڕەدان
ە نەژادیکی نەناسراون، نەسەر بە سامیەکانن کە لە رۆژئاوای میزوپوتامیاوە
اتون و نە سەر بە ئاریەکانن کە لە زاگروسەوەو رۆژهەلاتی میزۆپوتامیاوە هاتون.
مە هەمو بیرو وباوەری زانایانی مێژوی کون بو تا چل پەنجا سال لەمەوپێش
اتا تا دەس کرا بە کۆلینەوە ولێك دانەوەی مێژوی کۆنی زاگرۆس ودامینەکانی و
ۆزینەوەی ئەشکەوتەکانی دەوری بەردی کۆن و تازەو دێهاتەکانی دەوری
شارستانی لە کوردستاندا کە ژوروی میزوپۆتامیا ورۆژهەلاتی ولاتی کەوانە بەپیت
دەگریتەوە.

دۆزینەوەی کۆنینەی ئەو دەورانە پلە بە پلە لە کوردستانداو لێك دانەوەی
لەلایەن گشت زانایانی ئارکیولۆجی و ئەنترۆپولۆجی یەوە سەرنجی زانایانی مێژوی
وەرگێرا بەرەو ژور بۆ کوردستان و زاگروس بۆ دوزینەوەی نەژادو رەچەلەکی
سومەری یەکان و، ئەو بیروباوەرە کۆنەی کە دەیوت لە ولاتیکی دور لە
میزوپۆتامیاوە هاتون، لە چاو ئەم راستیەدا بۆیە ئەفسانەو هەلبەستی مێژوناسانی

ئەو دەورە. کە پیش دۆزینەوەی کۆنینەکانی کوردستان. قسەیان رەوابو. لە
راستیشدا سێ بەشی مێژو لە کۆنەوە تا ئیستە ئەفسانەو هەلبەستی مێژو
نوسەرانە. ئەگەر مێژو نوسیو زانین نەبێ بە زانیاری و نەخرێتە تەرازوی راست و
ناراستەوە وهەر لە چوار چیوەی ئارەزوی نوسەرو پێویستی زەماندا
بسورێتەوە لە سنوری راست دەبێ و دەچێتە بەرگی رەنگاو رەنگی ئەفسانەوە
یەگجار مێژوی کۆن. کە پێش نوسین تەنها کۆنینەکان بەدەستەوە هەن و مێژو
نوس بە کەیفی خۆی دەتوانێ لێکیان بداتەوە. یا دەی توانی تا چل پەنجا سال
لەمەوپێش چونکە بەکارهیناتی تەکنیکی تازە لەم دواییەدا. ریگەی لە
ئەفسانەو خەیال بری و توانی تا رادەیەکی تەواو ئەو کۆنینانە بهینیتەدو. و
راستیەکەیان پێ بدرکێنی.

ئەمەش سنوریکی فراوانی بۆ میژوناس کردەوە ،کە بە هۆی یارمەتی
ئارکیولۆجی و ئەنترۆپولۆجی یەکان دەتوانی مێژو بەشێوەیەکی رونتر وئاشکراترو
راستتر لێك بداتەوە. ئیستە بە بە شداری هەمو زانایانی. ئارکیولوجی و
ئەنتروبولۆجی و فیلولۆجی، ساغ بۆوە کە سۆمەریەکان لە میزوپۆتامیای ژورو
ئەشکەوتەکانی زاگروسدا لە دایك بوون ولە میزوپۆتامیای خوارو مێژویان
داهیناوە.

وتمان لەپێشدا کە کل کردن و گلێنە دروست کردن تا دەوری چەرمو بەدی
نەکرابو لە کۆنینەکانی پیش چەرمو. لە کوردستانداو داهاتنی ئەم هونەرە
رویەکی تازەو پیش کەوتوی ژیانی ئنسانی ئەو دەورە کە لە دە هەزار تا شەش
هەزار سالی بۆ دانرا لەلایەن Braid woodو تیمەکەیەوە دەردەخاو ئەم دەورە بە
دەوری (چەرمو) ناو دەنرێ.

هەر لەکاتی شارستانی چەرموشدا، شارستانی خواروی میزوپوتامیا لە (حەسونە)نزیك
موصل و (تل الصوان) نزیك سامرا، دەس پێ دەکا کە وێنەیەکی شارستانی چەرمون و
کاری گلێنەو کل کردن لە کۆنینەکانیان دەدۆزریتەوە. کە بێگومان ئاشکرایە وینەی
شارستانی چەرمویە ودیارە ئەو نەتەوانەی چەرمو هەر لە ژوروی میزوپوتامیادا گیر نەبون
وبلاوبونەتەوە بەگوێ روبارەکاندا بەرەو خوار، پروفیسۆر بریدود، ٦٧٥٠ سالی
پیش زاین داناوە بۆ داهاتن گلێنەو کل لە چەرمو و ٦٠٠٠ بۆ کۆتایی شارستانی چەرمو.
و ٥٨٠٠ بۆ پەیدابونی شارستانی (حەسونە) کە یەکەم شارستانیە لە دەشتەکانی میزوپوتامیای
ناوەراست ولە پێش حەسونەدا هیچ کۆنینەیەکی دەوری بەرد لە ناوچەکانی بەرەو خوار
کوردستان نەدۆزراوەتەوە، دوهەم شوێن وەك وتمان خوار حەسونەیە کە (تل الصوان)ە
نزیك سامەرە شارستانی ئەم دو ناوچەیەناونرا شارستانی حەسونە. خانوو مالی ئەم دو
شوێنە وەك خانوەکانی چەرمو، لە خشتی قور و بەرد دروست کراون. بە وینەیەکی وا
جوان کە ناچێتە ئەقلەوە کە نەتەوەیەکی بیابانی دروستی کرد بێ. چونکە ئەو نەتەوەیە
کشتوکال وجوتی کردووەو دەغل و دانی چاندووەو حەیوانی دابەستووە. خانوەکانی

گەورەو فراوان بووە وژورەکان لە دەوری حەوش و باخچە دروست کراون. دایکە خودایان ەر ستووە کە خوادی پیت و بەرەکەت بووە وەك خوداکانی چەرمو. ومردویان لە ژێر ەمینی خانوەکاندا ناشتووە. گل‌کاری و گڵینەکانیان وەلاهینەکانی چەرمو بووە. بەگوێرەی یك دانەوەی رادیوکاربون ئەم شارستانیە (حەسونە - تل الصوان) شەش هەزار ساڵی پ .بۆ دانراوە کە دەکەوێتە کۆتایی شارستانی چەرمو. گڵینەکانی ئەم دەورە وەك ئەوانەی چەرمویە. لە وینەو چەشندا. کە بریتیە لە کوپە وگوزەو دیزەی سورو کەندوی گەنم و لە او ژورەکاندا دانراون هەندێك بە قیر یا قسل‌وگەچ سواخ دراون یا بە رەنگی سور. لە ڵینەکانی (تل الصوان سامەرا) رەنگی قاوەیی ورەش بەکارهاتووە لەگەل سور ێنجگە ەوە رەسم وهەیکەلەکانی لە قوڕو بەرد دروست‌کراون نشانەی هونەرێکی بەرزترە لە هی حەسونە. کە گەلێ بەوردی هەستی بزوتنەوەو جولان. و گیان لە بەری ئێدادەکرێ. نەقش و ەسمەکانی سامرا بوێ ژیانی لێ‌دێ. پەهەمو گیان لەبەریکەوە. وەك باڵدار لە کانی ریندا. ئاو وتافگەو ماسی ناو ئاو. یا قازو مراوی ناو ئاو مەلە دەکەن. یا کچان سەما ەکەن. ئەم پلەی سامەرەیە. .ەە ساڵ پ ز ی بۆ دانراوە کە بەپیش‌کەوتوتر دادەنرێ حەسونە. وێنەی شارستانی سامرا پاش بەینێك لە شارستانی (ئەریدو) لە ولاتی سومەردا ەردەکەوێ. شارستانی حەسونە هەر تەنها لە ولاتی مێزوپوتامیادا بووە. بەڵکو لە هەمو یەکی ولاتی کەوانە بە پیت وینەی دوزراوەتەوە. بە گوێرەی هەیکەلی مردووەکان کەلەی سەریان نەتەوەکانی ولاتی کەوانە بەپیت ومیزۆپوتامیا کە لە دامینەکانی زاگروس و وێ روباری (دجلە)وە دەس پێ دەکا هەتا گوێ دەریای سپی. دیارە هەمو لەیەك ەژاد بون لەو دەورەداو کل‌کردنو گڵینە دروست کردنی هەمویان لە یەك چون. کە دیارە ونەری یەك نەتەوەیە. کە هونەرێکی بەرزو جوان بووە. گڵینەکان لە قوڕی سور دروست راون وبە ئەندازە وێنەیان کیشراوەو رەسمی گیان لەبەر بە رەنگی جوان رازاونەتەوەو ەستی بزواندنیان تیا ئاشکرا کراوەو هەمو لەوە دەچی کە لە لای رۆژهەلاتەوە دامێنەکانی گروس ئەم هونەرە بلاوبوبێتەوە. نەك لە رۆژئاواوە وەك تا چل بەنجا ساڵ مەوپێش دەزانرا کردەوەی نەژادیکی هونەرمەندی زیرەك بوونێ.و

پلەی دوای شارستانی حەسونە ناونرا پلەی (خەلەف) بە ناوی ئەو شوێنەوە کە یەکەم ار نمونەی چەشنیکی پیش‌کەوتوتری گڵینەی تیا دۆزرایەوە. ئەو شوێنەش ناوی ل خەلەف)ە نزیك سنوری بەینی تورکیاو سوریا لەگوێ روباری خابور. ئەم شوینە نایەکی ئارکیولوجی ئەڵمان لە پیشدا دوزیەوە وکۆمەلێك گڵینەی زۆر جوانی رەنگ راوی تیا دوزیەوە کە لە ژێر کەلاوەی قەلایەکی هەزارەی یەکەمدا نێژرابو. دوای ئەوە وفیسور (مالوان - mallowan). ئەو چەشنە گڵینەیەی لە (نینوی)و (تل ئەرپاچەیە) یلك موصل دوزیەوە. هەروا لە گردی (جاغر بازان)لە جەزیرە. شارستانی خەلەف دوای مە لێك درایەوە ودەرکەوت کە هەندی تایبەتیەتی ناوچەی خۆی هەیە. هەرچەندە ونەکان بەشتا هەر لە پلەی دێهاتی بچوکدانو نەبون بە شاری گەورە. بەلام دیسان لە یەکی ریك‌خراوو ئدارەکراو دەچن کە لەلایەن (میرێك) یا کوێخایەك بەرێوەدەبرێ.

خانوەکان گەورەترو باشتر ئەندازەکراون لەوانەی حەسونەو چەرمو. خشتی سور پەیدا دەبێ لە باتی خشتی‌کاڵ. لە هەموی زیاتر. ئەو (گومەزانە) یەکە لە گومەزی گۆرستان دەچن بەلام هیچ گۆڕو ئێسکی مردوی تیا نەدۆزراوەتەوە. ئەم گومەزانە لە خشت کراونو لە سەر بناغەیەکی خڕی بەرد هەڵ بەستراون. هەندیکیشان ژورێکی دورو درێژی لە پشتەوەیە. تا ئیستە نەزانراوە بۆچی بەکارهاتون. ئەوی سەیرە هیچی تیا نەدۆزراوەتەوە. بەلای منەوە (حەمام) بون لە وێنەی ئەو حەمامانە لە کوردستاندا باو بو تا بیست ساڵێك لەمەوپیش. کە لە ناوەراستی دێ یا شارەکەدا دروست دەکراو رەنگە هەر مابێتیش لە هەندی شار. هەندێك لە زانایان بە پەرستگای دادەنێن. شتێکی تری تایبەتی ئەم دەورە. ئەو بەردە بچوکە نەقش‌کراوانەیە کە دیارە ناو نیشانی تیا هەڵکەندراوەو کون کراوەو بەپەتیك کراوەتە مل (هەوی‌یە) هەر وا ئەم مۆرو خەتمانە کە نەقش کراونو ئەم سەرەتای بیرکردنەوەیە لە نوسین! گەلێ هەیکەلی دایکە خودا وەك هینەکانی چەرموو حەسونە. هەیکەلی ئافرەت وەك لە کاتی منال بوندا بێت. کە رەنگە بۆ چاوەزار کرابن. لە دواییدا ئەو گڵینە جوانانە کە نمونەی پیش‌کەوتنێکی زۆر دیارن لە کل‌کردندا. کە دەتوانین بڵێین ئەم هونەرە گەیشتە ئەو پەڕی جوانیو تەواوی. ئەم شارستانیە وینەی لە هەردولا بەرەو رۆژ هەلات و رۆژ ئاوا خۆی کێشاوە. ناوچەیەکی فراوانتری لە شارستانی (چەرمو)و حەسونە گرتۆتەوە. کە دیارە بە دەم خۆشی هەوای دەشت و دۆلەکانەوە پەرەی سەندووە. ئەم پلەی شارستانیە دوایی زۆرتر بەرەو خوار دەبێتەوە تا دەگاتە ولاتی سومەرو ئەکەد کە کونینەکانی لە (العوبەید) نزیك شاری (ئور)ی کۆنی سۆمەری. دۆزراونەتەوە. ئەم شوێنە یەکەم ناوچەیە لە مێزوپوتامیای خواروودا بدۆزرێتەوە.و نرخێکی زۆری هەیە لەبەر ئەوە لە مێژوی کۆنی ولاتی میزو پۆتامیای خواروودا. چۆنکە پەیوەندی دەکا بە مێزوپوتامیای ژورو.و ئیتر لەو کاتەوە هەردو ولای‌ولاتەکە بەشدار دەبن لە شارستانیەکانی دوای ئەم دەورە. هەروەها ئاشکراش دەبێ کە میزوپوتامیای خوارو لە پیش شارستانی (سۆمەر)ی‌دا ئاوەدان بووە. گەلێ لە پێش ئەو کاتەی بۆی دانراوە. کە وا دیارە لەگەل شارستانی (خەلەف) دوای (حەسونە) یەك دەگرێتەوەو هاو مێژووە. بە پیی کۆنینەکانی (ئور - عوبەید) لەو دەمەدا دێهاتی بچوك پەیدا بووە. خانوەکانیان لە خشتی کاڵ دروست کراوە. پەرستگاکانیان لە سەر [زیگورات سەکۆی] بەرز هەڵ بەستراوەو گومەزی هەبووەو بەپێ ٧ پلکە چونە سەرەوە وەك پەرستگاکانی حەسونەو خەلەف. دوای (ئور) لە ساڵی ١٩٤٧ - ٤٩دا بەرێوەبەرایەتی ئەنتیکەخانەی عراق شاری (ئەریدو)ی کە شانزە میل لە (ئور)ەوە دورە. دۆزیەوە. ئەم شارە زۆر بە شارێکی پیرۆز دانرابو لە زەمانی سومەریەکاندا چونکە مەڵبەندی خوای دەریای ژێر زەمین ئینکی Enki. بو لە زەمانی سولالەی سیێەمی ئوردا دروست‌کراوە. پەرستگاکەی (ئینکی) لەسەر سەکۆ- زیگوراتێکی بەرز بو کە ژێرەکەیان هەڵدایەوە شوێنی کەلاوەی (١٧)دانە پەرستگای کۆنی لێ دۆزرایەوەکە یەك لەسەر یەك پاش روخان لە سەرەوە دروست‌کرابونەوە. ئەمەش ئەوە دەنوێنی کە لە ژمارەدا شوێنی (١٧) پەرستگا بون یەك لەسەر یەك دروست

ونەوە، لە هەشت چینی سەرەوەیا لە شارستانی (عوبەید) دەچن. لەلایەن شێوەی
کەو وێنەی گڵێنەکان. بەڵام لە چینی نۆیەم تا چواردە، جیاوازن لەو شارستانیە، کە وا
رە نمونەی کۆنترین پەرستگان لە خواروی مێزۆپۆتامیادا ئەندازەکەیان وەك ژورێکی

وکی چوارگۆشەیە لە خشتی قوری مەیلەو درێژ کراوەو سەکۆیەکی بچوك بەرامبەر
روازەکەی، کە لەوەدەچێ وێنەی دەوری (خەلەف)ی ژوروی میزوپۆتامیایەوە
سامەرە)ی ناوەراستی ولاتەکە کە دیارە ئەو ناوچەیە کە ولاتی سۆمەرو ئەکەدە لە
سواروی مێزوپۆتامیا گەلی پێش دەوری (عوبەید) ئاوەدان بووەو خەڵقی ناوچەکە سەر بە
ەلقی خەلەفو سامرە بون کە لە ژوروی مێزوپۆتامیادا ژیاونو رەچەلەکیان بێ گومان

گرۆس بووە. ئەوی ئەم باوەڕەش زیاتر ساغ ئەکاتەوە ئەوەیە کە (ئاین) لە ژوروی
زوپوتامیاو خواروی وەك یەك بووەو چەرخ بە دوای چەرخدا لەیەکیان وەرگرتووە. لە
ەر شوێنێك بگەرێین هەر دەگەینە ئەو باوەرە کە پێکەوە پەیوەند بونو هەتا زیاتر

ی بکۆڵینەوەو کۆنینەیتر بدۆزینەوە زیاتر بەوە بروا دەکەین کە سۆمەریەکان رەچەڵەکیان
ە ولاتی مێزوپۆتامیادا داکوتراوەو زۆر قوڵە و بەهیچ جۆرێك ناتوانین بەوە باوەڕ بکەین کە
ە ولاتێکی دورەوە هاتونو ئەو شارستانیە بەناویانگەیان لە ولاتێکی دوا کەوتودا
داهێناوە.

شارستانی (عوبەید) بە گڵێنە تایبەتیەکانیەوە ناسراوە، کەوەك دیارە لە کل کردندا
هەندی لەدوایە لەوەی (خەلەف) زیاتر سورکراوەتەوە تا سوتاوە و رەش بووە (وابزانم
بەهوی جیاوازی گڵەکەوەیە، گڵی کوردستان هەر خۆی سورە، گڵی خواروی مێزوپۆتامیا
مەیلەو بۆرە، لە برژاندن (گڵ) دا بێ گومان رەنگیان جیاواز دەبێ) رەنگی گڵێنەکان
فرەیە، لە بۆرەوە بۆ سەوز. هەندێ جار نەخش کراوە بە رەسمی گوڵو گەڵاو هەندیکیش
حەیوان، هەندێك هەروا بە خەت کێشان کە زۆر دوبارە کراوەتەوەو لەوە دەچی

خەڵقەکە وەك هی ژوروی مێزوپۆتامیا خەیاڵیان زۆر وردو بزێو نەبووە. لێرەدا بۆ یەکەم جار
گۆزەو کوپە بەقوڵفو دەسکەوە کراون، ئەم جورە گڵێنە تازەیە، لە هەمو ولاتی
مێزوپوتامیادا دوزراوەتەوە لەو کاتی مێژوەدا، واتا شارستانی دەوری (عوبەید) (ئور) گشتی
بووە،و هەر لە شوێنێکی تایبەتی نەبووە، وەك شارستانی (چەرمو)و (برادوست) کە تەنها
لە مێزوپوتامیای ژورودا بونو پەشتا نەگەیشتونەتە مێزوپوتامیای خوارو.

وشەی قوزclay وقامیش Read نشانەی شارستانی (عوبەید)و میزوپوتامیای
خواروەوە. هەر وەك بەرد ston و دار wood نشانەی شارستانی مێزۆپۆتامیای ژورو بووە،

هەر شوێنەبە پی‌ی دەس کەوت. مێزوپۆتامیای ژورو شاخاویو بەردەلانو دارستان بووە
خانوومالو پەرستگای لە بەردو دار دروست‌کردووەو حاجاتی ناومالیش هەر بەردودارو
ئیسقان بووە. لە میزوپۆتامیای خوارو ولاتەکە زەل‌کاوە ودارو بەردی تیا هەل نەکەوتووە.
لەبەر ئەوە خانوومالو پەرستگاو حاجاتی پی‌ویستیان لە قورو قامیش دروست‌کردووە.

دایکە خوایان وەك یەك پەرستووە لە هەردولا. لە شارستانی (عوبەید)دا لە وێنەی
ئافرەتێکی جوان لە گل کراوەو پرچێکی هۆنراوە لە وینەی (مار)دا لە دەوری سەری
ئالاوە لەقبر. پەرستگا کان لە خشتی کالی مەیلەو درێژکراوە، وەك ژورێکی چوار گۆشەو.

سەکۆیەکی قوری بەرامبەر دەروازەکە لی کراوە بۆ ئەوەی هەیکەلی خواکەی لەسەر
دانرێ، لەو بەرێشەوە سەکۆیەکی‌تر بۆ قوربانی. هەمو پەرستگاکانی ولاتی مێزوپوتامیای
ژورو و خوارو کلاورۆژنەی هەبووە بۆ ئەوەی تیشکی رۆژی لی بچێتە ژوریو روناکی
کاتەوە هەروەها ئەم کلاو رۆژنانە بۆ مەبەسیکی ئاینی دروست کراونو پەیوەندیان بە
خودای ئاریەکانەوە هەیە کە هەر لە زۆر کۆنەوە زۆژ بووە کەناوی (utu – هەتاو)بووە بە
زمانی سۆمەری.

لە ئەنجامدا میزۆپۆتامیای ژورو گەیشتۆتە دەوری میتال metal مەعدەن. کە مس لە
کۆنینەکانی (تەپە گەورە)دا دۆزراوەتەوە بۆ یەکەم جار وهەندی بەردی بە نرخ لە (ئور).
لە کۆتایی دەوری (عوبەید)دا.

ئاین لە ژیانی نەتەوەکانی مێزۆپوتامیادا بەگشتی حوکمی لەپێش دامەزراندنی دەزگای
دەولەتدا زوز رەوا بووە،و هەر ماوەتەوە چونکە سەرەك‌و گەورەی ولاتیش هەر (مەلا –
موغ)ی پەرستگابووەو لە خواوە حوکمی ئەرزی پی سپێرراوە. هەمو یاسای دنیای لە
یاسای ئاینەوە داهاتووەو لە ئاسمانەوە نیرراوە. هەموژیانی ئنسان لە دنیاو کاتی ژیانداو لەوە
دنیا پاش مردن بە ئاینەوە پەیوەند بووە، تەنانەت ئیش‌و کاری رۆژانەی. رابواردن‌و.

کشت‌وکال‌و کاسبی، بازرگانی، نەخۆش‌و ساغی، کردەوەو رەوشتی‌و، هەر هێزەش
خوای خۆی هەبووەو، هەمو هێزەکان سەر بە خوایەکی گەورە بون کە لە هەموهێزەکان بە
رێزتر بووەو خوای شارەکە بووە. ئەم خوایانە هەر لە کۆنەوە دو بابەت بون هەندی خوای
چاکە کە پەرستویانەو هەندی خوای خراپە کە لێی ترساون.

شارستانی (عوبەید) وەك وتمان هەر هی ناوچەی ولاتی سومەرو ئەکەد نەبووە.
وێنەی لە هەمو لایەکی مێزوپوتامیای ژورو دۆزراوەتەوە بە تایبەتی کۆنینەکانی تەپەگەورە.

که نزیك پانزە میل لەسەرو شاری موسلەوە دۆزراوەتەوە. ئەم شوێنە لە ساڵی ١٩٣١ – ١٩٣٨دا پرۆفسور سپایزەر کە لەگەڵ تیمێکی ئارکیولوجی لە زانستگای بنسلفانیا – ئەمریکاوە هاتبون – دۆزرایەوە.

تەپە گەورە گردێکی بچوك‌و تەسکە. هەژدە چین کۆنینەی تیا دۆزرایەوە. کە لە دەوری (خەلەف) تا ناوەراستی هەزارەی دوهەمی کۆنینەی تیا دۆزراوەتەوە (تا دەوری میتانیەکان) لیرەدا بێ‌گومان خانوی بەردو خشتی سور دوزراوەتەوە لەو چینانەدا کە بەرامبەر (عوبەید)ە لە خواروی میزۆپۆتامیا کە قوڕو قامیش بەکار هاتووە لە پاتی بەرد.

چینەکانی هەژدە تا پانزە بەرامبەر (عوبەید)ە. لیرەدا خەتمی لولەیی لە بەرد دروست کراوە یەکجار زۆرە کەچی لە (عوبەید)ی میزوپۆتامیای خوارو (ئور) (ئەریدو) هیچ خەتمێك نەدۆزراوەتەوە لەو دەورەدا. و ئەم (موز) و(خەتم)انە. هەندیکیان بە نەخشی هەندەسی هەڵ کەندراون‌و هەندێك رەسمی حەیوان‌و ئنسانیان لەسەر هەڵکەندراوە بە شیوەیەك لەوەدەچی کە بۆ جادوگەری بەکارهاتبێ یا وەك چاوەزار لە مل‌کرابێ. هەروا لەم شوێنەدا هەندی وردە شتی لەمیتال – مەعدەن دروست کراو دۆزراوەتەوە کە یەکەم جارە ئەمە پەیدا بوبێ لە کۆنینەکانی میزوپوتامیا بە گشتی.

لە هەموی گرنگتر لە کۆنینەکانی (تەپە گەورە) ئەو سێ پەرستگایەیە کە لە دەوری حەوشێکی گەورە دروست کراون‌و. بە تەواوی لە پەرستگاکانی (ئەریدو) لە میزوپوتامیای خوارو دەچن! یەکەم لە گومەزی سەر پەرستگاکان دوهەم لە دایکە خواکە کە وەك هەیکەلی دایکە خواکەی (خەلەف)ە سێ‌یەم پەرستگاکان لە ناوەراستی شارە کە بون‌و لە دەوریان شارەکە دروست کراوە. شارستانی (عوبەید) لە پێنج تا چوار هەزاری پ.ز بۆ دانراوە. چینەکانی تری (تەپە گەورە) کە لە چینی دە تا یەکە. هی شارستانی کۆنترەو پیشوترە لە (عوبەید).

دوای شارستانی (عوبەید)، شارستانی (uruk)یا (Erech)ی تەورات کە لە شوێنی (وەرکا)ی ئیستەیە. لە ناوەراستی دەشتێکدایە بەینی شاری بەغداو بەسرە. نزیك (سەماوە) کەمەڵبەندی دو خودای بەرێزی سۆمەری بووە. (ئان) یا (ئانو) خوادی ئاسمان‌و. ئینانا خودای خۆشەویستی. کە لای سامیەکان ناوی (ئەشتار)بووە. لە ناوەراستی کەلاوەکاندا. پەرستگای خودای ئاسمان دۆزرایەوە. لە ساڵی ١٩٢٨م دا لەلایەن کۆمەڵی زانای ئارکیۆلوجی ئەڵمان. کە دەرکەوت پەرستگاکانی (ئوروك) وەك پەرستگاکانی (عوبەید)و (ئەریدو)ن. لە وێنەی بنا. لە بناغەی کە لەسەر بەرد دروست کراوە. لەوەدا کە لە سەر تەپۆلکەی دەست کرد یا سەکۆ (زیگورات)و بە پی‌پلکە بۆی سەرکەوتون. لە گومەزەکانی سەری. لە کلاورۆژنەکاندا. لە رازاندنەوەی دیوارەکان بە سواغ‌و نەخشی جوان. لەو سیرامیکەی بەکارهاتووە کە رەنگەکانی ئیستەش ئەبریسکینەوە. لە خوداکان‌و هەیکەلەکانیان. هەر ئەوەندە نەبی بە درێژایی زەمان.

وردەکاری زیاتر تیا کراوە. ئەندازەکەی جوانترو رێك‌تر بووە. سەکۆکە زیاتر بەرز بۆ
تا گەیشتۆتە پەنجا پی‌و. لەسەری سەرەوە (مەلا – موغ)ەکان بانگیان داوە.

ئەم دەورە، نەك هەر لە خانووپەرستگا دروست کردن‌و هونەری وردەکا
سیرامیك‌و رەنگ‌رشتندا دەورێکی پێش‌کەوتو تایبەتیە لە شارستانی میزوپوتام
بەگشتی. بەڵکو لە هەموی زیاتر لەو (خەتم)و (موز)ە لولەیی‌یە دا کە لە ب
دروست‌کراوەو نەقش کراوە بەرەسمی حەیوان‌و ئنسان‌و گەلی شتی‌تر کە بەلای من
سەرەتای نوسینەو لە پێشدا لە (تەپە گەورە) دۆزرایەوە بۆ یەکەم جار کە دەکەوێتە پلە
(عوبەید) چینەکانی سەرەوەی. کە گەلی گۆشەی ژیانی ئنسانی ئەو دەورە رون دەکات
بە رەسم.

ئەوی سەیرە. لەگەڵ ئەوەی ئەم دەورە لە تەرزی بنادا زۆرهونەر بەکارهاتووە.
جی لە گلێنەکاندا. هیچ هونەرێکی‌وا دیارنییە. هەموی ساکارو بێ رەنگ. وادی
پەیدا بونی مێتال – مەعدەن‌و دروست کردنی قاپ‌و قاچاغ لە مەعدەن. گلێنەی خست
پلەیەکی نزمەوە.

بەلام ئەوی لە هەموی گرنگترە لە مێژودا. ئەوەیە کە لە کۆتایی ئەم دەورەدا.
پەرستگاکەی بێ ئانا E.ANNA لە ئوروك. نوسین بۆ یەکەم جار لە شێوەی وێنەی
دۆزراوەتەوە. بەلام من ئەڵێم (موزە) کانی خەلەف‌و تەپە گەورە یەکەم پلەی نوسین بو
خەتی وینەیی (ئوروك) دوهەم پلەیەو. دیسانەوە بۆ ساغ‌کردنەوەی مێژوو دۆزینەوە
یەکەم لاپەرەی دەبێ بەرەو ژورو بینەوەو زیاترو قوڵتر هەڵکۆڵین. گومان نییە لەوەدا
ئەو سرە هەر دەکەوێتە سەر ئەرز رۆژێك! چونکە ئەقڵ نای‌برێ ئنسانی ئەو نا
(مێزوپوتامیا)ی ژورو. پاش ئەو رێگە دورو درێژەی بڕی لە داهێنانی شارستانیدا.
ئەنجامدا وەك بلق سەر ئاو بکوژێتەوە لە پڕو ئەثەری نەمێنی‌و لە پڕ لە میزۆپۆتامیای خوارو
ئەو شارستانیە وەك قارچك هەڵ توقی! بەلام دیارە پەشتا زانایانی ئارکیۆلۆجی‌و زم
پلەیەکی‌تری رەنجیان لەبەرە بۆ ئەوەی ئەم تاکە سرە لە بن ئەرز دەرهێنن.

نوسین لەسەرەتادا. وەك لە خشتە نەخش کراوەکانی (ئوروك) دادەردەکەوێ وێنە
بووە. کە بریتی بووە لە کۆمەڵێ رەسمی ورد ئەو نوسراوانەی (ئوروك) ئەوەند
ئاڵۆزن دیارە هی پلەیەکی نین‌و دەبێ بە چەند پلەیەکی ساکاردا تێ‌پەڕی‌بێ تا وا ئاڵوزاو
دیارە ئەبێ نوسین وێنەی لە پێشدا لەسەر بەرد یا پێستی حەیوان رەسم کرابێ‌و بە درێژا
زەمان فەوتابێ. کەمن گومانم نییە لە مێزوپوتامیای ژوروو لە پلەی تەپەگەورەو بەڵک
خەلەفی پێش ئەویش پەیدا بوبی‌و کە گەیشتۆتە میزوپوتامیای خوارو خشتی بۆ ئامادەکرای
کە زۆر ئاسانتر نەخش ئەکرێ بە تەڕی کە دیارە هەر بەتەڕی بەش کرابێ خشتەکەو خە
کێشرابێ چوار گۆشە چوارگۆشەو هەر چوارگۆشەیەك رەسمێکی تیا نەخش کرابێ و دوا
خشتەکان کاڵ کرابن.

خوێندنەوەی ئەو رەسمانە، ئاسان نی یەو تائێستەش تەواو لێك نەدراونەتەوە، چونکە
که وێنەی شتێك بێت بە گوێرەی زمان‌و شێوە هەر زمانە بەوێنەیەکی دەخوێنێتەوە
بۆ نمونە رەسمی (سەگ) بە زمانی عەرەبی (کلب) ئەبێ بخوێنرێتەوە. لە ئەنجامدا کە
ی هاتە پلەی رەمزی‌و دەنگی وێنەکە بە دو شێوە ئەبێ لێك‌بدرێتەوە (س) کە یەکەم
ی وشەی (سەگە) بە کوردی‌و (ك) کە یەکەم دەنگی وشەی (کلب)ە بە عەرەبی.
، سومەریەکان ئەم کارەساتەیان بەسەر هاتووە کە سامیەکان (بابلی‌و ئاشوری) خەتی
ن لە دواییدا خواستووە لە سومەری‌یەوەو هەر رەمزە دو سێ دەنگی لێ‌پەیدا بووە
ش بووە بەهۆی گێچەڵێکی زۆر لە ناو زانایانی زمانە کۆنەکاندا کە لە ئەنجامدا بووە بە
هەڵەیەکی زۆر لە لێك دانەوەی زمانەکاندا، لەبەر ئەوە زۆر باوەر بە لێك‌دانەوەی
انا مێژو ناسانە ناکرێ بەتایبەتی ئاشوری ناسەکان، چونکە چاویان پۆشیوە لە شێوە
ری یەکەو، هەر بەلای شێوە بابلیەکەدا رۆیشتون‌و بەرەو سامیەتیان بردووە.

ە ساڵی ١٩٢٥م‌دا، هەندی گڵێنەی تایبەتی لە (جەمدەت نەسر) کە شوێنێکە نزیك
ی بابل ئێستە، دۆزرایەوە، ئەم گڵێنانە گەورەو ئەستور بون‌و بەخەتی هەندەسی‌و
ی رەش‌و سور رەنگ کرابون کە جیاواز بون لەگەڵ گڵێنەکانی (ئوروك)و بە مێژو بە
ی کۆتایی دەوری ئوروك دانران. ئەم گڵێنانە ئەوەندە بە نرخ نەبون کە کۆنینەکانی
دەت نەسر بە دەورێکی تازەی پێش‌کەوتوتر لە ئوروك دابنرێن، بەڵام ئەوی دیار بو
پلەیەدا، و لە پێش ئەم شوێنە لە هیچ شوێنێکی‌تر نەدۆزرابۆوە ئەو هەیکەلانە بو کە لە
و مەعدەن‌و هەتا گڵ دروست کرابون لە وێنەی ئنسان‌و حەیوان‌و شتی‌تر. واتە
ری (نەحت sculpture) کە یا بە تەنها دروست کرابون، یا لە سەر دیواری
ستگاکان هەڵ کەندرابون‌و هەندیکیش لە سەر مۆرە لولەییەکان کە لەپلەکانی پێشوتر
خەلەف‌و تەپە گەورە دۆزرابونەوە. هەروەها لەم کاتەدا نوسین دەگاتە پلەی مێخی
ەرە بەرە لە وێنەیی یەوە پێش دەکەوی بە کورت کردنەوەی وینەکان‌و هەروینەیەك
ێ بە نیشانەی یەکەم دەنگی ناوی وێنەکەو نوسینی مێخی لێرەدا پەیدا دەبێ‌و شارستانی
اتە ئەو پلەیە کە بتوانین خاوەندەکەی ناونیشان هەڵ‌دەین‌و بڵێین ناوی شارستانی
ەریەکانە بەڵام لەگەڵ ئەو هەمو نشانەو بەڵگە دیارانەی سەرنجی ئنسان بەرەو ژوروی
ی مێزۆپوتامیا رادەکێشن،
ەڵ مێژوی نەتەوە کۆنەکانی وڵاتی مێزوپۆتامیا خەریکن‌و
یان بەزانای مێژو دادەنێن، وان بەو راستیانەدا ئانێن‌و هەر ئەو بیرو باوەرە کۆنانە بلاو
کەنەوە کە دەڵی سومەریەکان لە هندستانەوە هاتون، یا زمانەکەیان زمانێکی نەناسراوەو
دیان بزرە. ئایا سومەریەکان بەو هەمو بەڵگەی زانیاریەوە ساغ بێتەوە کە لە ژوروی
تەکەی خۆیانەوە لە دەوری بەردەوە بەرەبەرە پێش‌کەوتون تا گەیشتونەتە پلەی
رستانی‌و دوایی لە وڵاتی سومەردا جی‌نشین بون‌و نەژادیان دیارە ئاری بون‌و زمانەکەیان
ەڵ زمانە ئاریەکان وەك یونانی‌و خاتی بەراوردکراوەو ساغ‌بۆتەوە کە ئەویش وەك ئەوان
ی یە، ئایا ئەمە باشتر نی‌یە لەوەی بەو بیرو باوەرە کۆنە ناپەسندەوە بنوسێن!؟ لە
ێکدا هیچ زانیاریەکی ئارکیولوجی و ئەنتروپولوجی و فیلولوجی ئەمە پەسند ناکاو بووە بە
سانەیەکی بێ سەرو شوێن.

لە هەموی سەیرتر ئەوەیە، کە سومەریەکان خۆیان بە خۆیان نەوتووە سومەری‌و وڵاتەکەشیان ناوی سومەر نەبووە. وشەی سومەر هەر نەبووەو نەبیزاوە لە هیچ نوسراوێکی مێخیدا!! بەڵام ئاشوری ناسەکان ئەم ئەفسانەیەیان هەڵبەست بۆ مەبەسی تایبەتی خۆیان کە لە پێشدا باسم کردو. ئاخی‌یانە مێشکی خوێندەوارەکانیان‌و وایان تێ‌گەیاندن کە (سومەر)ی ناوی ئەو نەتەوە بلیمەتەیە کە یەکەم لاپەرەی مێژوی هەڵدایەوە لە هەزارەی سێ‌یەمدا. وەك ئەفسانەکەی وشەی ئەکەد. Akadکە ئێستە باس دەکەین.

سومەریەکان خۆیان بە وڵاتەکەیان دەوت (ئوریکی – **uriki**) کە ناوی شاری (ئوروك) کە یەکێك بووە لە شارە پیرۆزەکانیان لەو ناوەوە وەرگیراوە، هەروەها ناوی (عراق)ی ئێستە نشانەی گەورەی ئەم راستیەیە، و ئوریکی یا ئوروك لە پێشدا ناوی گشتی بووە بە واتای (وڵات – نشتمان) کە هەمو مێزوپۆتامیای خواروی گرتۆتەوەو لە دواییدا بووە بە ناوی تایبەتی شارەکەو نەتەوەکە دوای ئەوەو هەروەها زمانەکە، ئوروکی یا (ئوریکی)یش وڵاتی ئاری‌یە. کەوابو سومەریەکان بە وڵاتەکەی خۆیان وتووە وڵاتی (ئوری) کە بەلای منەوە لە (خوری) یەوە هاتووە، خوریەکانیش ئاری بون‌و لە ژوروی وڵاتی مێزوپۆتامیاو سوریادا ژیاون‌و دوای لە هەزارەی دوهەمدا دینە سەر روی مێژو وەك دەولەتێکی بەهێزو دەسەلاتو. یەکێك بون لە نەتەوە زاگرۆسیەکان‌و لەوێوە بەرەو روباری فورات‌و سوریا چون‌و لەوی ئەو ئمپراتوریەتەیان دامەزراندووە. ئوریکی بە ئیدیوگرامی مێخی بەم شێوەیە نوسراوە**kiengi**کە سومەریەکان خۆیان بە ئوریکی خوێندویانەتەوەو، بابلیە سامیەکان، **sumeru**، ئاشوری‌ناسەکان شێوە سامیەکەیان وەرگرتووەو ئەوی تریان باس نەکردووە. لە راستیدا دوای کە شەروکین **sargon**ی یەکەم ئمپراتوریەتی بابلی دامەزراندووە شاری (ئەگەدە)ی کردووە بە پایتەختی وڵاتەکە کە ئێستر بووە بە ناوی وڵاتەکەش بەگشتی‌و دوای زمانەکە. دیسان ئاشوری‌ناسەکان ئەم ناوەیان بە (ئەکەد) خوێندۆتەوەو بەرگی سامیەتی‌یان بە بەردا کردووە. لە کاتێکدا شەروکین خوێ

ناوی‌ناوە ئەگەدەو **Agade**لە هێچ شوێنێکدا بە شێوەی ئەکەد– **Akad**نەناسراوە – بەڵام ئاشوری‌ناسەکان هەر بە ئەکەد نوسیویانەو باسیان کردووە، و لە دواییدا وڵاتەکە هەموی بە ناوی وڵاتی سومەر وئەکەد ناسراوە لەلایەن زانا ئاشوری‌ناسەکانەوە وبە هەمو توانایانەوە ویستویانە بیکەن بە سامی. هەتا شەروکین خۆی کراوە بە سامی لە کاتێکدا کە خۆی نەی‌زانیوە کێ‌یە وباوکی کێ بووە

لە شعریکدا کە بە زمانی ئاشوری بە دەم شەروکینەوە نوسراوە دەڵێ:

**دایکم ئافرەتێکی بێ پەروا بو.**
**باوکم نازانم کێ بو!**
**براکانی باوکم دڵیان بە شاخەکانەوە بو**
**شارەکەم ناوی ئازور پیرانو بو**

که له باوەشی فوراتدا پاڵی دابۆوه
دایکه بێ پەروا کەم
بەدزیەوه منی بو!
له بەرچنەیەکدا شاردمیەوه
به قیر سواغی‌دا
فڕێ‌ی‌دامه ناو ئاوەکەوه.

بەم وینەیه سەر گوزەشتەی خۆی دەگێڕێتەوه وەك سەرگوزەشتەکەی حەزرەتی موسی‌و دایکی وایه.

بەمەدا دەردەکەوێ که شەروکین له وڵاتی خوری‌و میتانیەوەلای‌فوراتەوەهاتووه. ناوەکەی‌خۆی وشارەکەی لەوه ناچێ سامی بن. خورێن (که یەکەم نەتەوەن به ئاری ناسرابن). بەڵام ئاشوری‌ناسەکان ئارەزویان وابو بێ به سامی!

بەڵام، ئەوه ئەوسا بو، پێش ئەوەی زمانی سومەری‌و ئەکەدی تەواو بناسرێن‌و، کۆنینەکانی ژوروی مێزوپوتامیا بدۆزرێنەوه واتا پێش پەنجا ساڵێك لەمەوپێش.

ئەوی زانیاری ئارکیولوجی‌و ئەنترۆپۆلوجی‌و فیلۆلوجی کردیان له مەیداتی مێژوی نەتەوه کۆنەکانو زمانەکانیاندا، شۆڕشێکی وا گرنگ‌و گەورەو بەنرخ بو له زانیاری تنساندا. هەرنەبووه لەم پەنجا ساڵەی دوایدا. هەمو زانیاری مێژوی کۆنی سەر له نوێ هەڵگێڕایەوەو گەیاندیه ئەو ئەنجامەی باسم کرد به دورو درێژی.

یەکێك لەو زانا بلیمەتانه پروفیسۆر ل.و. وادیل– L.W.Waddel بو که ماموستای ئارکیولوجی‌و ئەنترۆپۆلوجی.و فیلۆلوجی زمانه ئاریەکان بو له لەندەن که له ساڵی ١٩٢٥م‌دا به دوای نەژادی ئاریەکاندا دەگەڕاو له هندستاندا گەلی بەڵگەی زمانی دۆزیەوه دەربارەی سومەریەکانو زمانی سومەری‌و بۆی ساغ بوۆه که نەك هەر زمانی سومەری زمانێکی ئاری‌بووه، بەڵکو زمانی فینیقیەکانو ئەکەدیەکانو عاموریەکانی رۆژئاوای وڵاتی بابل (ئاری) بوو. ئەم باسەی به دورو درێژی کردووه له کتێبەکەی‌دا که بلاوی کردەوه دوای دۆزینەوەی ئەو بەڵگانه. لەبەر ئەوەی باسەکه دورودرێژەو پی‌و‌پستی بەوتارێکی تایبەتیه. که ئامادەیه لام بۆ بلاو کردنەوه لیرەدا. هەر ئەوەندە دەڵێم. ناوی کتیبەکه Indo sumerian seals deciphered.

ئەم کتیبه له چاپ‌دراوه له ساڵی ١٩٢٥م. له لەندەن چاپخانەی LUZAK & CO و تەنها یەك دانه لای من هەیه.

بەشی دوەمی ئەم وتاره بەراوردێکی زمانی سومەری لەگەڵ زمانه ئاریەکاندا دەکەم، که بەڵگەی ئەم‌بیرو وباوەڕەیه لەم وتارەدا باس کراوه.

سەرچاوەکانی ئەم باسه.


1. Indo Sumerian seals deciphered.
Prof.L.W. Waddell.
2. Ancient IRAQ. by George Rowx
3. The Cambridge Ancient History VOL, I part 1
4. The Cambridge Ancient Hist. vol I part 2
5. The Cambridge Ancient Hist vol. 2 part 1
6. The Sanskirt Language
Prof. T. Burrow.
7. A sumerian Reading book
Prof. C. J Gadd.
8. First steps in Assy.
Prof. L. King
9. Summer and Akkad
Prof. L. King
10. A comparative Grammer of the Hettite Lang.
Prof. sturtevant.
11. Manuel Depigraphic Akkadienne
Prof. E. Labat
12. Old persian.
Prof. R. kent
13. The Akkadian lang.
Prof L. lipin
14. Comparative Grammer of the Semitic Lang.
Prof. w. wright.
15. Ugantic Handbook
Prof. c. Gardon
16. Early Semitic.
Prof. A. Mortonen
17. Elamite Problems.
Prof. M. Mallowan
18. Indo Europian Philology.
Prof. w. Lock wood.